# ئەنفال: تێگەیشتن، پێناسە و ناساندن لەچەند ڕەهەندێکەوە

شاخەوان شۆڕش
5.4.2006

"ئەنفال بەزۆر ڕوحکێشانی هەزاران کەسە بێ ئەوەی خوا بڕیاری مەرگیانی دابێ، ئەنفال یانی بەزۆر مران"
فەرەج محەمەد عەزیز، ڕزگاربووی گۆڕەبەکۆمەڵەکان[1]

گومان لەوەدا نییە کەم یا زۆر لەسەر ئەنفال گوتراوە و نوسراوە، بەتایبەتی لە بواری گوزارشتەوە. بەهەمان شێوە سەبارەت بە پێناسە و ناساندنی ئەنفال گوتراوە و نوسراوە. ئەوەی لەم وتارەدا نوسراوە پێناسە و ناساندنی چەمکی ئەنفالە، بەڵام ناساندن و ڕوونکردنەوەیەکە لە چەند ڕوانگە و گۆشەنیگایەکەوە، لە چەند سەردەمێکەوە، بەمەبەستی گەیشتن بە واتا و ناساندنێکی تەواو. لێرەدا گوزارشتی چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتەکان و وردەکاریەکان لەمبارەیەوە ناکرێت.

## ئەنفال لە بیر و تێگەیشتنی خەڵکی کوردستاندا

لە کاتی دەستپێک و هێرشەکانی ئەنفالدا کە بەپێی بەڵگەنامەکان لە 23 ی فێبریوەری 1988 دا دەستی پێکرد و لە 6 سێپتەمبەری هەمان ساڵدا کۆتایی هات، زۆرینەی خەڵک هێندە بیریان لە ناوی هێرشە دڕندانەکە نەدەکردەوە، ئەوەندەی بیریان لە چارەنووسی کەسوکار، کوشتنەکان، گرتنەکان، دەستدرێژییەکان، سوتاندن و کاولکردنی گوند و دێهاتەکان دەکردەوە. خەڵکی کوردستان بەگشتی بێ دەسەڵات و بێ ئومێد چاوەڕوانی داهاتویەکی ڕەشیان دەکرد و لە قەیرانی چارەنوسدا دەژیان. ئەوسا کێ بیری لە ناو و پێناسەی ئەنفال دەکردەوە. کەم کەس هەبوو بزانێ ئەو هێرشە لە ژێرناوی ئەنفالدا دەکرێت. بۆنمونە دیتەری ڕزگاربووی گۆڕەبەکۆمەڵەکان (فەرەج محەمەد عەزیز) دەڵێ "ئەو کاتەی خەڵک گیرا و گوندەکانیان سوتاند نەمان دەزانی پێی دەڵێن چی، بەڵام کاتێ من گەڕامەوە ئەیانووت ئێوە ئەنفالن". زۆرینەی خەڵکی باشوری کوردستان دوای کارەساتەکە بە ناوی وشەی ئەنفال سەبارەت بە هێرشە ژێنۆسایدیەکەی ساڵی 1988 ئاشنابوون.

وشەی ئەنفال شوێنێکی زۆر تایبەت و شازی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا و لە بیر و لێکدانەوەی خەڵکدا بۆخۆی کردۆتەوە. گەورەیی و دڕندەیی کارەساتەکە لە بیرەوەری مرۆڤەکاندا کارەساتێکی گەورەیە و ئێشێکی هەتاهەتایی لەگەڵدایە، بۆیەش گێڕانەوەی کارەساتەکە لەنێوان کەسەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەتاهەتاییە. خەڵکی کوردستان لێکدانەوەی تایبەت بەخۆیان سەبارەت بە واتای چەمکەکە پێکهێناوە. ئەو واتا و لێکدانەوەیەی کە زۆر باوە و دووبارە دەبێتەوە، ئەوجا چ بە نوسین یا گوتن، ئەوەیە وشەی ئەنفال واتای **"کوردکوشتن"** یا **"لەناوبردنی کورد"**ی وەرگرتووە یا ڕێک لە جیاتی وشەی **"کوشتن یا کۆمەڵکوژی"** بەکاردەهێندرێت. بەشێوەیەک چەمکی ئەنفال بۆ هەموو کوردکوژییەک یا کۆمەڵکوژییەکی کوردان بەکاردەهێندرێت. گەلێ لەو کارەساتانەی پێشی 88 ڕوویانداوە، بۆنمونە کوشتوبڕی حەرەس قەومیەکانی ساڵی 63، بۆردومانی قەڵادزێی ساڵی 74، پاکتاوی فەیلیەکان لە سەرەتای دەیەی 70 و 80 کان، بارزانییەکان لە ساڵی 83 هتد. ئێستا لەگەلێ گوتن و نوسیندا چەمکی ئەنفالیان دەخرێتە پاڵ. بەهەمان شێوە وشەی ئەنفال بۆ کارەسات و کوردکوژییەکانی دوای 88 و ئێستا بەکاردەهێندرێت. هۆکاری ئەو ڕەوش و تێگەیشتنە دەکرێ زۆربن، گرنگترینیان واپێدەچی هەوڵی پیشاندانی ئاستی کوشندەیی و گەورەیی کوردکوژییەکانە یا کارەساتەکانە، هەوڵدانە بۆ پێکچواندنی کارەساتەکان بە کارەساتی ئەنفال، هەوڵدانە بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی کارەساتەکە بە کۆمەڵگە و دەروبەر.

شایانی گوتنە بۆ هەندێک خەڵک واتای ئەنفال ئەو تێگەیشتنە تێدەپەڕێنێت و بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئەنفال دەگەڕێتەوە و ناڕەوایی و کارەساتێکی مێژووی دێرینی لەبیرکراو دێنێتەوە بەرگوتن و سەرنج.

## ئەنفالی ئیسلام و واتای بوونی لە سەرەتای پەیدابوونیدا

وشەی ئەنفال ناوی سوڕەتی 8 ی قورئانە و لە 75 ئایەت پێکهاتووە. وشەکە بەواتای تاڵان یا تاڵانی شەڕ دێت. وشەکانی ئەو سوڕەتە وتەی خوای موسوڵمانانە. هەندێ لە ئایەتەکان لە جەنگ و تاڵانی جەنگ دەدوێن. لەو ئایەتانەدا خوا داوا لە (محەمەد) پێغەمبەری موسڵمانان و هاوکارانی دەکات دژی بێباوەڕان (ناموسڵمانان) بجەنگن تاکو سەرکەوتنی تەواو بەدەست دەهێنن. سەرکەوتنی تەواو واتای شکاندنی دوژمن، لەناوبردنی ناموسڵمانان یا ملکەچپێکردن و ناچارکردنیان بە بڕواهێنان بە ئاینی ئیسلام

بووه.  بەمجۆره سورەتی ئەنفال ڕەوایەتی داوەتە کوشتار و تاڵانکردنی دوژمنە ناموسڵمانەکان و بۆ ڕەواکردنی بەزۆر بەئیسلامکردنی ناموسڵمانان هاتووه. تاڵان: ژن، ئاژەڵ، سامان، شتومەک و کەرستەی ناو ماڵ و شتی دیکەی گرتۆتەوه.
بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پووختەی مەبەستی سورەتی ئەنفال، واباشە ئاماژە بە هەندێ ئایەتی سوڕەتەکە بەکورتی بکەین[2]. بۆنمونە لە ئایەتی یەکەمدا هاتووه، "پرسیاری تاڵانی جەنگ دەکەن، بڵێ تاڵان لە خودا و پەیامبەرەوەیە. لە خودا بترسە.... ملکەچی خودا و پەیامبەر بە".
لە ئایەتی حەفتەمدا هاتووه، "بۆ خۆتی ببە، خودا بەڵێنی پێدای یەکێک لەو دووانە (دوژمن) دەبێ بۆ تۆ بێت، تۆ دەتویست یەکێکی بێچەک بۆ تۆ بێت، بەڵام خودا ویستی بەپێی وشەکانی، ڕەوایەتی بداتە ڕاستی و ڕەگی بێباوەڕان ببڕێتەوه".
لە ئایەتی دوازدەهەمدا هاتووه، "من لەگەلتام، خۆڕاگری بدە بڕواداران، من ترس و تۆقاندن دەخەمە دڵی بێباوەڕان، ملیان ببڕە و هەموو پەنجەکانیان ببڕە".
لەئایەتی سێزدەهەمدا هاتووه، "ئەوە لەبەرئەوەی ئەوان دژی خودا و پەیامبەر وەستان، ئەگەر هەرکەسێک دژی خودا و پەیامبەر بوەستێت،  خودا لە سزادان توندە".
لە ئایەتی سیوحەفتەمدا هاتووه، "بۆ ئەوە ڕەنگە خودا خاوێن و پیس لەیەکتر جودابکاتەوە، پیسەکان یەک لەسەر یەک کۆبکاتەوە و بهاوێتە سەریەک و فڕێیانداتە دۆزەخ. ئەوانە ئەوانە دەبن کە دۆڕاندیان".
لە ئایەتی پەنجاودووهەمدا هاتووه، "وەکو خەڵکی فیرعەون و ئەوانەی پێشی ئەوان، هێمای خودایان ڕەتکردەوە، خوداش لەسەر تاوانەکانیان سزای دان، خودا بەهێزە و لە سزادان توندە".
لە ئایەتی شێستوپێنجەمدا هاتووه، "ئۆە پێغەمبەر! بە بڕواداراندا هەڵبڵێ و هانیان بدە بۆ شەڕ. پشووت درێژ بێت، ئەگەر بیستت لەدەوردابن، دووسەد کەس دەشکێنن، ئەگەر سەدبن هەزار بێباوەڕ دەشکێنن، چونکە ئەوانە خەڵکێکن تێناگەن".
ئەنفال یەکەمجار لە ساڵی 624 ی زایینی دژی عارەبە ناموسڵمانەکانی دورگەی عارەب بەکارهاتووه. ئیسلامەکان بە خەڵکی ناموسڵمانیان گوتووه بێباوەڕ و وەکو بێباوەڕ سەیریان کردوون (سەبارەت بە کریستیان و جوو هەڵوێستی بگۆڕیان هەبووە)، بەڵام لەڕاستیدا ئەو خەڵکە ناموسڵمانە بێباوەڕ نەبوون، بەڵکو خاوەنی ئایین و ڕیتوالی (ڕیتوال: پیادەکردنی سیستەماتیکی و بەردەوامی نۆرم و یاسای ئایینی) تایبەت بەخۆیان بوون.
هێرشی ئەنفالی لەشکری عارەبە موسڵمانەکان لە ساڵی 637 ی زایینیدا گەیشتە کوردستان و ئێران، لەدوای چەندین شەڕ و پێکدادانی خوێناوی، لەشکری کورد و فارسەکانی ئیمپراتۆری ساسانی دەرەوەستی عارەبان نەهاتن و شکان. ئەوەی نەبووە ئیسلام، یا هەڵات و وڵاتی بەجێهێشت یا لەناوبردرا، ئەوەی دیکە ملیان پێکەچکرا و بەناچاری بوونە ئیسلام. لەشکری عارەبی ئیسلام وەکو هەر شوێنیکی دیکەی داگیرکراو تاڵانی کوردستانی کرد. هەرچی پەیوەندی بە ئایینی مەزداییەوە هەبوو وەکو باوەڕ، ڕیتوال و خوداپەرستی، نۆرم و یاسای کۆمەڵایەتی هەمووی لەنێوبردرا.
ئەوەی ئەوسا لەشکری داگیرکەری ئیسلام کردی، پاکتاوێکی ئایینی و کەلتوری بوو. ژەنۆسایدی مەزداییەکان بوو و عارەبە ئیسلامەکان توانیان سەرکەوتوانە تۆوی مەزداییەکان لە میزۆپۆتامیادا ببڕنەوە. هێرشی ئەنفالی ئەوسا گەلانی کورد و فارسی ناچارکرد واز لە ئایینی مەزدایی و باوەڕەکانی تر، کەلتوری خۆیان و باپیرانیان بێنن، پەسندی کەلتور و ئایینی ئیسلامی عارەبان بکەن. ئەوە جگەلەوەی داگیرکردنەکە لەناوبردنی شارستانیایەکی زیاتر لە هەزار ساڵە بوو.
بەپێی ڕوودا و مەبەستەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی ئەنفال، دەکرێ بڵێین، **ئەنفال ئەو سوڕەتەیە کە لەلایەن خودای ئیسلامەوە بەمەبەستی ڕەواکردنی بەئیسلامکردنی ناموسڵمانان دابەزیووە، خودای ئیسلام پشتگیری و هانی پێغەمبەری موسڵمانان و هاوکارانی لە جەنگی پاکتاوی ئایینی و ئیسلامیزەکردندا دەکات و دەدات، هەروەها ڕەوای ڕەگبڕینەوە، کوشتار و تاڵانی دوژمنانی ئیسلام و ئەوانەی ڕەتی باوەڕهێنان بە ئیسلام دەکەنەوە، دەکات.**

## ئەنفالی ڕژێمی بەعسی ئێراق

پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالست، کە لە کودەتای دووەمیدا لە ساڵی 1968 دەسەڵاتی تەواوی گرتە دەست، پیادەی ئایدۆلۆژیایەکی پان عارەبی، تاکڕەو و تۆتالیتاری دەکرد کە ئایدۆلۆژیای بەعس بوو. لە ڕوانگەی ئەو ئایدۆلۆژیایەوە، دەبێ هەموو وڵاتانی عارەب یەکبگرن و یەک گەلی عارەب یا ئومەی عارەبی لە کەنداوی فارسەوە تا دەریای هێمن پێک بهێنن. ئەو گەلە عارەبەش دەبێ بەعسی بێت. چونکە تەنهاعارەب بوون بەس نییە، مرۆڤی عارەب تاکو نەبێتە بەعسی، لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی بەعسیانە نەگرێتەخۆی، بەمجۆرە لە دید و ڕوانگەیەکی بەعسیانە نەڕوانێتە ژیان، ئەو مرۆڤە عارەبە ناتونێت بگەڕێتەوە چوارچێوە ڕەسەنەکەی خۆی و پاک نابێتەوە[3].
لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیای بەعسەوە، بەعس لە شۆڕشێکی بێپسانەوە دایە و دەبێ بەر لەهەر شتێ ئیمپریالیست و زایۆنیستەکان لە خاکی عارەب دەربکات، هەموو ئەوانەی لە خاکی عەرەبدا دەژین دەبێ پشتگیری و بەشداری شۆڕش بکەن. ئەوەی پشتگیری نەکات یا ناتەبابێت لەگەڵ شۆڕش و ئامانجەکانی، ئەوا ئەوانە بە خەڵکانی دژ بە شۆڕش و ناپاک دەناسرێن.

سەرکردایەتی پارتی بەعس بۆنمونە مشیل عەفلەق، سەدام حوسێن و هیتر باشوری کوردستانیان بە خاکی عارەب زانیوە. مشیل عەفلەق کوردی بە بەشێک لە گەلی عارەب داناوە[4]. بەمجۆرە کورد لەسەری بووە بەشداری و پشتگیری شۆڕشی بەعس بکات، ببێتە بەعسی و لە بۆتەی گەلی عارەبیدا ئاوێتە بێت.

پشتگیری نەکردنی شۆڕش و خۆجوداکردنەوەی کوردان، هەرەها داواکاری مافی ئێتنی و ناسیونالیستانە هەر لەسەرەتاوە بە دەستی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم داندراوە. بۆیەش گەلی کوردستان وەکو خەڵکێکی دژ بە شۆڕش و دژ بە گەلی عارەب ناسراون، بەمشێوەیە وەکو خۆفرۆش و ناپاک سەیریان کراوە. بۆیە تواندنەوەی یا لەناوبردنی ئەو بەشە ناپاک و نەخوازراوە بەپێی ئایدۆلۆژیای بەعس ڕەواکراوە.

پارتی بەعس لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتیەوە زۆر شێلگیرانە کاری بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پان–ناسیونالیستانەی خۆی کردووە. کەرستە و میکانیزمی پاکتاوکردنی دامەزراند و ئۆرگانیزەکرد. دەستی بەسەر سوپا داگرت و میلیتسی سەر بە پارتی دروستکرد. دەزگایەکی بیرۆکراسیانەی ئاڵۆز و تۆقێنەری چەند سەرەی ئاسایش و کەنترۆلی دروستکرد. بەمەبەستی ڕەواکردنی پاکتاو و کرداری ژینۆسایدیانە، پرۆگرامی سیستەماتیکی بۆ گەشەپێکردنی مەنتالی پاکتاوکردن و گەلکوژیانە بۆ ئەندامانی بەعس داڕشت. ئەو پەروەردەیەش سەرچاوەکەی ئایدۆلۆژیای بەعس بوو. ئەندامان و هەوادارانی بەعس سۆسیالیزەکران و میلیتسەکانی پارت لە دەزگا تایبەتەکانی پارت فێری کوشتن و ئازاردان کران. هاوکات پرۆگرامی نامرۆڤاندنی گروپە نەتەوەیی و ئێتنییە نەخوازراوەکان (بەتایبەتی کورد) پیادەکرا[5]. ئەو پرۆسەیە نەخشە بۆکێشراو بوو و ساڵانێکی زۆر کاری بۆ کرا. میکانیزمی گەلکوژی ئۆرگانیزەکرابوو و ئامادەی پاکتاو لە هەر کاتێکدا بوو.

ناسیۆنی کورد کە لای بەعس خۆفرۆش و ناپاک بوون، بەمجۆرە تەڵخی پیسی ناو ئێراق بوون، دەبوایە لە دەرفەتی جیاجیادا پاک بکرێنەوە. ڕژێمی بەعس بەپێی بورای ڕەخساو وردە وردە دەستی بەو پاکتاوە کرد. بۆنمونە بەعارەبکردنی ناوچە کوردستانیە سنورییەکان، پاکتاوی فەیلەکان لە 70 و 71 دا، گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی یەزیدیاکان دواتر، پاکتاوی بارزانیەکان دواتر تا گەیشتە کوشتوبڕی ئاشکرای دانیشتووی گوند و دێهاتەکانی کوردستان لە ساڵی 1985 بەدواوە. ئەوەی ڕێگاخۆشکەری پاکتاوەکان بوو، سەرەتا بوونی شەڕی پێشمەرگە – ڕژێم، پاشان شەڕی ئێراق – ئێران بوو. تێگلانی پارتە کوردستانیەکان لە جەنگی ئێراق – ئێران و یارمەتی وەرگرتن لە ئێران، زیاتر بیانووی پاکتاو و گەلکوژی دایە ڕژێمی سەدام. لای بەعسیەکان کوردەکان تەلخێکی پیسی ناو کۆمەڵگەی ئێراق بوون، بۆیەش پاککردنەوە و تواندنەوەیان دەمێک بوو کاری بۆ دەکرا. تێگلانی کورد لە جەنگی ئێراق و ئێران و هاوکاری کردنی سوپای ئێران، ڕەوایەتی جێبەجێکردنی گەلکوژی و پاککردنەوەی کوردی لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی سەرکردە بەعسیە ناسیونالیستە پان عارەبیستەکان بەهێزتر کرد. ئەوان لەو بارەدا دەیانتوانی بە بەڵگەوە خۆفرۆشی کورد بۆ خۆیان و هەوادارانیان بسەلمینن، بەمجۆرە ڕەوایەتی بدەنە پێویستکردنی پاکتاوی کورد. لەلایەکی دیکە ڕژێمی ئێراق بیانووی ئەوەی دەستکەوت، کەوا خەڵکی ناوچە قەدەغەکراوەکان بە گروپی ڕامیاری و یاخی و دژ بە ستات بناسێنێت، بەمجۆرە شەڕکردن و لەناوبردنیان ڕەوا بکات. بەئەگەری زۆر ڕژێمی بەعس زانیویەتی کوشتنی بەکۆمەڵی گروپی ڕامیاری ناچیتە خانەی گەلکوژی بەپێی پێناسەکەی نەتەوەیەکگرتوەکان. هەروەها بەعس لەو بارەدا ویستوویەتی ئەو هێرش و کوشتارە وەکو بەرگری لە یەکێتی وڵات و ئاسایشی نەتەوایەتی بە جیهان پیشان بدات.

جەنگی نێوان کورد و رژێم هەروەها ئێران و ئێراق، هەڵێکی باشیان لە هەڵمەتی گەلکوژانەی ساڵی 1988 بۆ رژێمی ئێراق ڕەخساند. وەکو گوترا مەنتالی گەلکوژانە پەروەردە و پێگەیەندرا بوو، میکانیزمی جێبەجێکردنی گەلکوژی ئۆرگانیزە و خاوەن ئەزمون بوو. جەنگەکانیش هەلی جەبەجێکردنی بەکردەوەی تاوانەکەیان ڕەخساند.

جەنگ ناوەخۆ یا لەگەڵ وڵاتی دراوسێ هەمیشە فاکتەری تەقێنەرن و لە پاکتاوکردنی خەڵکی ژێردەستە یا نەویستراودا ڕێگا بۆ گەلکوژان خۆشدەکەن. لە مێژوودا ئەوە سەبارەت بە زۆر ژەنۆساید وابووە. بۆنمونە جەنگ ڕێگای بۆ لەناوبردنی یەکجاری جولەکەکانی ئەڵمانیا، ئەرمەنیاکانی تورکیا، موسڵمانەکانی بۆسنیا هتد. خۆشکرد.

هەنگاوی ڕاشکاوی پاکتاوی ئەو ناوچانەی کە بە **ناوچە قەدەغەکراوەکان** ناوزەد کران، لە ساڵی 1985 وە دەستی پێکرد، کاتێ هەموو ئەو ناوچانەی پێشمەرگەی دەهاتێ دیارکران، گەماڕۆیان خرایەسەر و خەڵکەکیشی گەلێ مافی سەرەتاییان لێسەندرایەوە و وەکو یاخی یا هاوکارانی یاخیان سەیریان کرا[6]. لەساڵی 1987 دا کاتێ (عەلی کیمیاوی) بڕیاری کوشتنی هەموو ئاژەڵ و مرۆڤەکانی ئەو ناوچانەی بەهەموو جۆرە چەکێک دەرکرد[7]، ئەوە جێبەجێکردنی دواقۆناغی پلانێکی گەلکوژانەی دیاریکراو بوو، ئەویش پاکتاوی خەڵکی ناوچە قەدەغەکراوەکان بوو. ئەو بڕیارە "چارەی یەکجاری" گروپە خەڵکێکی نەخوازراو بوو. چارەی یەکجاریش لەناوبردنی مرۆڤە بێنرخ و نەویستراوەکان لە ناوچە قەدەغەکراوەکان بوو. مەبەستی سەرەتای ڕژێمی ئێراق پاکردنەوەی ئەو ناوچە بەرفراوانە شاخاوی و گرنگانە لە مرۆڤ بوو. لەناوبردنی دانیشتوانەکانی وایدەکرد کەسێ نەمێنێت بگەڕێتەوە یا بتوانێت بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە لە داهاتوودا. واتە وشککردنی ئاوەدانی لەو ناوچانە و بەمجۆرە ڕێگاگرتن لە دروستبوونەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا بەیەکجاری. ئەوە مەبەستی لەپێشی ئەنفال بوو. دیارە پاشی ئەو هەنگاوە کەنترۆڵ و هەڵسوکەوتی پاکتاوکارانە لەدژی خەڵکی کوردستان لە شارەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا دەتواندرا ئاسانتر جێبەجێ بکرێت.

سوپای ئێراق بە هاوکاری هێز و یەکە تایبەتەکان و هەزاران جاشی کورد، بەو توانا گەورە سوپاییەی کە لەبواری کۆمەڵکوژیدا هەیبوو، توانی بە دڕندانەترین شێوە گەلکوژییەکەی ئەنفال ئەنجام بدات. ناوچە قەدەغەکراوەکان بسوتێنێ، کاول و تاڵان بکات و لە مرۆڤ پاکیان بکاتەوە. بەمشێوەیە ڕژێمی ئێراق توانی لە بەدیهێنانی ئامانجی نزیکیدا لە ساڵی 1988 دا سەرکەوتووبێت، بەڵام تەمەنی لە کوردستاندا هێندە درێژ نەبوو بتوانێ بە ئامانجە ستراتیژیەکانی بگات.

بەکارهێنانی ناوی سوڕەتی ئەنفال لەو هێرشە گەلکوژانەیەی بەعس دژی خەڵکی کوردستان، هەروا لەخۆڕا نەبووە. پارتی بەعس وەکو پارتێکی سیکولار ناوی ڕۆیشتووە، بەڵام نە سەرکردەکانی پارتەکە نە ئایدۆلۆژیاکەش بێبەری نەبووین لە بیرۆکە و هزری ئیسلامی. پارتی بەعس هەرگیز ئەو سیکولارە نەبووە کە لە ڕۆژئاوادا پیادە کراوە و دەکرێت، سەرکردەکانیشی بڕوایان بەو سیکولاریزمە نەبووە. دامەزرێنەران و سەرکردەکانی بەعس شانازیان بە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام کردووە و وەکو سەردەمی زێڕینی عارەب سەیریان کردووە. ئەوان لە گەورەیی و سەرکەوتوویی ئەو سەردەمەدا سوودیان وەرگرتووە و بیرۆکەی پاکبوونەوە و گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی سەرچاوەی لەوێوە وەرگرتووە. دیارە مەبەستیان گەڕاندنەوەی سیستەمی خەلیفە نەبووە، مەبەست ژیاندنەوەی یەکێتی و گەورەیی گەلی عارەب بەشێوەیەکی بەعسیانە بووە. ڕژێمی بەعس بە شانازیەوە سوودی لە مێژووی عارەبی ئیسلام وەرگرتووە و ناوی شەڕ و سەرکردەکانی ئیسلامی لە شەڕ و هەنگاوەکانی خۆیدا بەکار هێناوە. دیارە ڕژێمی بەعس خۆی بە پارێزەری ئومەی عارەبی زانیوە و سەرکردەکانیان وەکو سوارچاکەکانی ئیسلام خۆیان پێناسەکردووە، چونکە سەرکردە بەعسیەکان خۆیان بە نەوەی ئەوان و درێژەپێدەری پەیامی ئەوان داناوە.
بەکارهێنانی ناوی ئەنفال، بۆ ڕەواکردنی لەناوبردنی کوردان (کە وەکو خۆفرۆش و دژەشۆڕش سەیرکراون) لەلایەنی مۆرالیەوە بووە. ئەو هەوڵە وەکو بەشێکی ڕەواکردنە گشتەکە بووە. ئەوە بەشێک بووە لە پەروەردە مەنتالیە ژینۆسایدیە بەرفراوانەکە. بەعس ویستوویەتی کوشتاری خەڵکی کوردستان لەڕوانگەی ئایینیەوەش ڕەوا بکات. بەمشێوەیە بەعس کوردی بە بێباوەڕانی یا ناموسڵمانانی سەردەمی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام چواندووە. چۆن لەلایەن عارەبە ئیسلامە داگیرکەرەکان کوشتن، ڕەگبڕینەوە و تاڵانکردنی ناموسڵمانان ڕەوابووە و لەلایەن خواوە ڕەواکراوە، بەمشێوەیەش کوردەکان کە دژی شۆڕشن و خۆفرۆشن، ڕەوایە بکوژرێن، تاڵانکرێن و ڕەگبڕکرێن. ئەنفالی سەردەمی ئیسلام لەلایەن لەشکری عارەبەوە کرایە سەر کورد، ئەوجارەش سوپای عارەبە هێرش دەکاتە سەر کورد. بەعس خەڵکی کوردستانی چ لە سەردەمی ئیسلامدا چ لە سەردەمی خۆیدا بە یەکچاو سەیر کردووە و بە خەڵکێکی نەویستراو و دژەعارەب دایناون. ڕژێمی بەعس بەکردەوە گەلێ لەو تاڵان، تاوانکاری و دیاردانەی دووبارە کردەوە کە لە هێرشی عارەبە ئیسلامەکان ڕوویاندابوو. دیارە مەبەست و ئامانجی هێرشەکان جیاواز بوون، مەبەستی بەعس لەناوبردنی ناسیۆنی کورد بوو لە باشوری کوردستاندا، هەرچی عارەبە ئیسلامەکان بوون مەبەستیان لەناوبردنی مەزدایزم و پەیڕەوکەرانی ئەو ئایینە و ئایینی دیکە بوو، تاڵانیان بوو، بەئیسلامکردن و سەپاندنی نۆرم و ڕیتوالی عارەبی و ئیسلامی بەسەر خەڵکە ژێردەستکراوەکان بوو.

بەپێی ئەوەی لە 88 لە کوردستاندا ڕوویدا و بەپێی مەبەستەکانی هێرشی ئەنفالی بەعس، **ئەنفال ئەو زنجیرە هێرشە سەربازیە گەلکوژانەیە بوو کە بە چەکی قوڕس، چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژ لەلایەن سوپای ئێراقەوە لە 23 ی فێبرەوەری تا 6 ی سێپتەمبەری ساڵی 1988دا کرایە سەر چەندین ناوچەی باشوری کوردستان (ناوچە قەدەغەکراوەکان) بەمەبەستی لەناوبردنی خەڵکەکە و پاککردنەوەی ناوچەکان لە مرۆڤ. لەمیانەی هێرشەکەدا سوتاندن، کاولکردن و تاڵانکردنی گوند و دێهاتەکان، کوشتنی گەورە و بچوکی مرۆڤەکان یا گرتنیان و پاشان بەکۆمەڵکوشتنیان بەبڕیاری ڕژێم ڕەوا کرابوو.**

دیارە ئەنفال دەرهاویشتەی لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئێلیتی دەستڕۆیشتووی پەڕگیری کۆمەڵگەی بەدەوی و خێڵەکیانەی دورگەی عارەبە لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامدا. ئەگەر سەیری هەردوو تاوانکاریەکان بکەین، هەروەها لە خاڵی هاوبەشیان وردبینەوە، سەبارەت بە کوردستان لەهەردوو باردا، ئەو هێزەی بە هێرش و تاوانکاریەکان هەڵدەستێت، هێزێکی بێگانەی داگیرکەرە. هێزەکەش لەهەردوو باردا لەشکری داگیرکەری عارەبن. لەهەردوو باردا خەڵکێک نەویستراون و کراونەتە ئامانجی هێرش، کوشتن و تاڵانکردن و دەستبەسەریان ڕەواکراوە (ئەوجا چ لەبەر بڕوای ئایینی یا وابەستەی ڕەگەز و نەتەوە). لەهەردوو باردا پاکتاوکردن ڕەوا کراوە. لەهەردوو باردا خەڵکێک وەکو تەلخ یا خاڵی پیس و ناپاک سەیردەکرێن و پاککردنەوەیان بە پێویست دەزاندرێت.
لەڕوانگەی ئەوەدا و سەبارەت بە کوردستان دەکرێ پێناسەی ئەنفال گشتگرانە بۆ هەردوو بار پوختکەین و بڵێین: **ئەنفال واتە ڕەواکردنی ئایینیانە و ئایدۆلۆژیانەی داگیرکردن، تاڵانکردن، سوتاندن، کاولکردنی خاکی خەڵکی نەخوازراو، هەروەها پاکتاو و ڕەگبڕینەوە، ڕاونان، کوشتن، گرتن، دەستدرێژیکردن و کۆیلەکردنی مرۆڤە نەخوازراوەکان، کە مافی ژیانیان لەبەر جودایی ئایین یا ڕەگەز لەلایەن هێزی داگیرکەر لێسەندراوەتەوە، ڕەوا دەکات.**

**ئەگەر سەیری هەردوو ئەنفالەکەی ئیسلام و بەعس بکەین، بەبێ گوێدانە باوەڕی هاندەر یا جۆری ڕەواکردن، بەبێ گوێدانە سەردەمی داگیرکاریەکان و مەبەستیان، هەردوو کوشتار، داگیرکاری و تاڵانکاریەکان تاوانن دژ بە مرۆڤایەتی و هەردوو کوشتاریش دەچنە خانەی تاوانی ژەنۆسایید. هەردوو تاوانیش کارەساتی گەورەن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویان داوە.**
**لەشکری ئیسلام لە ئەنفالەکەی خۆیدا تەواو سەرکەوتوو بوو، ڕەگی مەزدایزم و مەزدایەکانی بڕیەوە، بەڵام ڕژێمی بەعس نەیتوانی ناسیۆنی کورد لەناو ببات، پلانی گەلکوژانەی خۆی بۆ تەواو نەکرا، بۆیە تەواو سەرکەوتوو نەبوو. بەهۆی ئەوەی بەعس لە 1991 بەدواوە نابووتکرا، ئەو هێزەی نەما و نەیتوانی لەپلانە گەلکوژانەکەی خۆی بەردەوام بێت. ئەگەر بەعس بەهێز بمابایە، بەئەگەری زۆر گەلکوژیەکەی ئەنفال دوا پاکتاوی ڕژێمی بەعس نەدەبوو و ئەگەری کارەساتی گەورەتر سەبارەت بە بوونی ناسیۆنی کورد لە باشوری کوردستاندا هەبوو.**

---

[1]عارف قوربانی، "لە تۆپخانەوە بۆ عەرعەر، فەرەج ئەو ئەنفالکراوەی دوای گولەبارانکردنی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانەوە گەیشتە واشنتۆن"، کوردستان نێت، 8.2.2004.

[2]بۆ خوێندنەوەی تەواوی سوڕەتی ئەنفال سەیری: http://www.usc.edu/dept/MSA/quran/008.qmt.html

[3] Brooks, David, 2002,"Inside Saddam's mind", Essay, pp.5, http://www.aijac.org.au/review/2002/2712/essay2712.html

[4]مشیل عەفلەق، 1970، "مەسەلەی کورد و شۆڕشی عارەبی"، لە "فی سبیل البعث"، بەشی 5، چاپتەری 1، لاپەرە. 36-38. سەیری
http://albaath.online.fr/VolumeV-Chapters/index-VolumeV.htm

[5] Markusen, Eric ( 2003), "Genocidal Mentatlities", *The Aegis Review on Genocide,* Vol. 1, No. 1.

[6] سەیری دەکومێنتی 11 لە پەرتوکی "ئەنفال، کورد و دەوڵەتی عێراق"، نوسینی شۆڕش حاجی ڕەسول، 2003، لاپەرە 209.

[7] سەیری دەکومێنتی 14 بکە لە
Human Right Watch, 1994, "Bureaucracy of Repression: The Iraqi Government in Its Own Words" http://www.hrw.org/reports/1994/iraq/TEXT.htm